# الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK**

---

## ڕێكخراوی لێبوردنی نیو دەولەتی (ئەمنستی ئەنتەرناسیونال) گەرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ عیراق بەپلانێكی خەتەرو و پێشیلكردنی بریارنامەی مافی مرۆڤ و مافی پەنابەری لەقەلەم دەدات

بەدوای پەیوەندی فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لەگەل بەریز (سەعد ئەبودوحە) بەرپرسی كاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست لە ریكخراوی لیبوردنی نیودەولەتی" ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال" و خستنەرووی بارودۆخی ناهەمواری پەنابەرانی كورد و عیراقی، لەبەر رۆشنایی سیاسەتیك كەحكومەتی بەریتانیا لەم ماوەیەی دوایدا گرتویەتیَ بەر، هاوكات بەدوای دواكردنی فیدراسیون بۆ دەخالەت كردنی ئەم ریكخراوەیە و فشارهینان بۆسەر حكومەتی بریتانیا، سەرەئەنجام ریكخراوی ناوبراو لەنامەیكدا كەلەرۆژی 26 / 8 / 2005 بلاوكراوەتەوە و وینەیەكیشی ئاراستەی دەشتی جەمال سكرتیری فیدراسیون كراوە، هەلویستی رۆشنی خۆی بەنیگەرانی دەربرین لەسیاسەتی حكومەتی بەریتانیا و پیداگری لەسەر نائەمن بوونی عیراق بەناوچە كوردنشینەكانیشەوە راگەیاند. لەونامەیەدا هاتووە:

"ریكخراوی لیبوردنی نیودەولەتی_ئەمنستی ئەنتەرناسیونال– زۆر نیگەرانە بەرامبەر بەپلانی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عیراقی بۆ ناوچە كورد نشینەكان ، كەئێمە بەئەمنی نازانیین ...گەرانەوەی پەنابەران بۆ عیراق غەیرە قانوونی یە ..."

شایانی باسە ریكخراوی لیبوردنی نیودەولەتی لەم نامەیەدا كەئاراستەی هەموو لقەكانی خۆی لەولاتانی ئەوروپا و ئەمریكا و تەواوی لایەنە سیاسی و پەیوەندیدارەكان كردووە باس لە ئاكامە زیان بارەكانی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی عیراقی لەنیو بارودۆخە ناهەموار و دژوارییەكانی عیراقدا دەكا و پیداگری لەسەر ئەوە دەكات كە عیراق وولاتیكی نائەمنەو رۆژانە بەهەموو مانایەك مافی ئینسانی تیا پیشیل دەكری. كوشتن ورفاندنی و تەقاندنەوەی هەموو رۆژە و هاوكات بەكارهینانی توندو تیژی و تعزیب و خراپی مامەلەكردن لەگەل زیندانەكان و گرتنی خەلكی بیَ تاوان لەلایەن هیزەكانی ئەمریكاوە هەموویان نیشان ئەدەن كە عیراق ولاتیكی نائەمنە ، بەم هۆیەوەیە كە ریكخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال هەنگاوی ناردنەوەی پەنابەران بەبریاریكی پیشیلكاری مافەكانی مرۆڤ دەزانی و داوا دەكات لەحكومەتی بریتانیا كەئەم سیاسەتەی خوی رابگری..

**فدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لەریزی پیشەوەی خواستەكانی پەنابەران راوەستاوە و بەهەموو توانایەوە تیدەكۆشیت بۆ بەرگرتن بە سیاسەتی بەزۆری گیرانەوەی پەنابەران ..**

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا**

**2005-9-17**

---

**www.federasion.org** **Tel:07734704742**